www.pertwk.com

# پێرست


## پێشەکی - پێش وتە

### بەشی یەکەم

سیمای جوغرافیایی کوردستانو ناسینی
چاوخشاندنێك بە هەردناسیی کوردستاندا
زنجیرە چیاگرنگەکانی کوردستان
ئاوو رووبارەکانی کوردستان
دەریاکانو دەریاچەکانی کوردستان

### بەشی دووهەم

مێژوو و ریشەی رەگەزی کوردان
دابەشکرانی کوردەکان لەرووی نەتەوەیی‌و ...
لیلۆیی یان لیلۆییەکان
گوتی یا کوتییەکان
کاسیتەکان یا کاسییەکان
سوباری‌و مێتانی
نایرییەکان
کاردۆخۆیی = کوردۆئین

### بەشی سێهەم

دەولەتە گەورە دێرینەکانی کورد
دەولەتیماننا
گەنجینەی زێوە
تەپۆلکەی حەسەنلوو
مادەکان
پێکهێنانی دەولەتی ماد
دەسەلاتی ئیخ توویگو (ئاستیاگ)و کۆتایی خێرایی دەسەلاتی ماد
شارستانیەتو فەرهەنگی مادەکان
رێکخستنی ئیداری‌و دۆخی ئابووریی مادەکان

لێرەوار بوونو ئاوی دەریاکانو دەریاچەکانی وەك وانو ورمێش لە سەردەمی پێشوو کەمتر بووە.

لەو بگرەو بەردەو ئاڵوگۆڕەی بەسەر زەوی دا هاتوە، کوردستان یەکێك لەو دەگمەن بەشانەیە کە زۆرجار کەوتۆتە ژێر تەوژمی پێکهاتەی کێوو لە ئاکامی ئەو کارە دا بۆتە گلۆڵە بەنێکی ئاڵۆزن بە شێوەیەك کە لەناوەڕاست دا زۆر سەختو توند خۆدەنوێنیو باقیەکەیش کەوتۆتە بەر پێی ئەو کێوانەی لە هەموو لایەکەوە رێگەی خۆیان گرتۆتە بەرو تێیدا پرشو بڵاونو بۆتە یەکێك لەو شوێنە دەگمەنانەی کە 90٪ی بەزنجیرە کێوان داپۆشراوە.

## زنجیرە کێوە گرینگەکانی کوردستان

بەرزاییەکان لە لای باکووری کوردستان لە چوارگۆشەیەکی بادامی دا خۆ دەنوێنن کە لە هەر گۆشەیەکیش شوێنێکی تایبەتی لەم بابەتە هەیە، لە گۆشەی باکوور "گۆری = Gori" لە سیلەی باشوور "جوولەمێرگ = djoula.marg"لە گۆشەی رۆژهەڵات "شوشا = Shousha"و لە سووچی رۆژئاوا "بایبۆرت = Baibourt" خۆ دەنوێنن.[16]

ئەو کێوانە لە حاڵێك دا دەریاچەی **(وان)**یان لە بەرزایی 1650 میتری هەڵخستوە، لە حاشیەی رۆژهەڵات دا نزمتر لەو دەریاچەی"ورمێ"یان لە بەرزایی 1220 میتر پێك هێناوەو هەروەها لەولاتری رووباری ئاراز لە درێژەی باکووری رۆژهەڵات دا حەوزۆکی گویچە یا گوکچە"یان ئامادە کردوە.

لێرەدا دوو لقی دیاری بەرچاو دەکەون کە قووڵایی باسکراو لە سەرەوە جێدەهێڵن هەر کام بۆ لایەك دەڕۆن:

1- لە لای رۆژهەڵات درێژەی بەرزاییەکانی بەشکراو بەسەر دوو دەریاچەی ورمێو وان دا کە بەرەو باشوورو دواتریش بەرەو رۆژهەڵات درێژەیان هەیەو لە

[16] ئەوە تەعبیری ژاك دومۆرگان زانای فەرانسەوییە کە پرۆفیسۆر مینۆرسکیش لەو باوەڕە دایەو زۆر نووسەرو توێژەرەوەی ناسراوی کوردناسیش لە تەعبیرو لێکۆڵینەوەی ئەو کەڵکیان وەرگرتوە "هەروەك واسیلی نیکیتین لە کتێبی کوردو کوردستان وەرگێڕدراوی محمد قازی، لە لاپەڕەکانی 78و 79 دا هێناویەتی. بۆ زانیاری زیاتر لە کتێبی "کوردەکان" لە نووسینی پرۆفیسۆر مینۆرسکی و وەرگێردراوی نووسەر بڕوانە.

هەبووە، ڕەنگە نەوەو نەتیجەی یەکتر بووبن. هەروەك باسمان کرد، نێوی "یارلاگاب" کە دووپات بۆتەوە بەو هوبەیە کە جارێکی دیکەش بە ئەمیری هەڵبژێردراوەتەوە[220] . ئەو پادشایانەی گوتی کە حوکمیان بە دەست بووەو نێویان لە ریزی یەکەم لە کۆی دەقەکانی بەرگی دووهەمی چاپی ئۆکسفۆردی لەندەن دا هاتوون ئەوانەی ژێرەوەن.

لە خەتی یەکەم دا دەنووسێ: "تیرەی گۆتیۆم شایان نەبووە".

1ـ ئیمتا سێ ساڵو بە ڕوایەتێك 5 ساڵ سەڵتەنەتی کردوە 1- Imta

2ـ ئینگەشوش یا ئینگیشو شەش ساڵ سەڵتەنەتی کردوە 2- Ingishu

3ـ سالارگاب یا کیکی لاگاب شەش ساڵ سەڵتەنەتی کردوە 3- Kikilagab

4ـ شولمەو بە ڕوایەتێك "یارلاگاش" شەش ساڵ سەڵتەنەتی کردوە 4- Shulme

5ـ ئیلویلویمش شەش ساڵ سەڵتەنەتی کردوە 5- Elulumesh

6ـ ئینی ماباکش یا "ئیلی ماباکاش" پێنج ساڵ سەڵتەنەتی کردوە 6- Elimabakash

7ـ ئینگەشوش یا "ئیکش هوش" یا "ئیگە شائۆش" شەش ساڵ سەڵتەنەتی کردوە 7- Igeshaush

8ـ ئیرلگێب یا "ایارلاگاب" پازدە ساڵ سەڵتەنەتی کردوە 8- Iralagab

9ـ ئیباتە سێ ساڵ سەڵتەنەتی کردوە 9- Ibate

10ـ ئیارلاکا یا بە ڕوایەتێك "یارلا، ئیارلانگاب" سێ ساڵ سەڵتەنەتی کردوە 10- Iarle

11ـ کورووم یەك ساڵ سەڵتەنەتی کردوە 11- Kurum

12ـ خابیلکین سێ ساڵ سەڵتەنەتی کردوە 12- Khabilkin

13ـ لائەرابوم دوو ساڵ سەڵتەنەتی کردوە 13- La.E- Rabum

---

[220] نێوی پادشاکانی گوتی‌یان لە دوو لیست دا بلاّو کردۆتەوە کە جیاوازیان لەگەڵ یەکتر هەیە. لەبەر ئەوەی لیستی یەکەمیان پێ ڕاستترە ئێمەش کەڵکمان لەو وەرگرت.

چكۆلەترینیان 20×30 پێ بووە. تالارە گەورەكەی بێ كۆڵەكە سازكراوەو، یەكێك لەجوانترین كۆشكەكانی شاهانە بووە،[529] بە شێوەیەك كە ناكرێ لەگەڵ هیچ نەخشەو گەڵاڵەیەكی بیناسازی بەرئاوردی بكەی‌و چ بینای لەوی رێكترو جوانتر نەبووە. لەسەر دەرگای لای رۆژهەڵاتی كۆشكەكە بە زنجیرە كۆڵەكەیەك سازكراوە كە لەنیوەی دیوار ڕا بە سەردەرانەكەوە لكاون، ئەوە جوانی‌یەكی تایبەتی پێ‌بەخشیوەو درێژایەكەی كە 300 پێ‌یە بە كەللەی بنی‌ئادەم‌و شكڵی جوانی ئافرەتان كە لە بەرد داتاشراون رازاوەتەوە.

گرینگییەكی كە شایەكانی ئێران‌و نەیارەكانیان بۆ ماد (بە رۆژهەڵات‌و رۆژئاواوە بەتایبەتی بە مادی رۆژئاوایان دەدا كە هەمان كوردستانە، ئەوەندە بوو كە هەموو كات شازادە دەرەجە یەكەمەكان بۆ حاكمییەتی ئەوێ هەڵدەبژێردران‌و، دەیان ساڵ لەسەر بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لەم شوێنە لەگەڵ یەكتر شەڕیان دەكردو تەنانەت كاتێك خەڵكی ئێران بە دژی فەرهاد وەك كوڕی فەرهادی چوارەم‌و "ئورودی دووهەم" ڕاپەڕین‌و "وئین" كوڕە گەورەی فەرهادی چوارەم كە لە ڕۆم گەورە ببوو لەسەر تەختی شایەتی دانیشت[530] ئەویشیان قبووڵ نەكردو لە ئەردەوانیان گێڕاوە كە خۆی لە شازادەكانی ئەشكانی‌و حوكمڕانی مادی رۆژئاوا (كوردستان‌و ئاترۆپاتێن یا مادی بچووك یا ئازەربایجان) بوو تا لەسەر تەختی شایی دانیشێ، ئەو توانی "ووئێن" كوڕە گەورەی فەرهادی چوارەم كە دایكی ڕۆمی بوو و بۆخۆشی لە ڕۆم گەورە ببوو و بە شێوەی ئەوان پەروەردە كرابوو، هەروەها بەشێكی زۆر لە ڕۆمییەكانی لە پۆستی گەورەو كاری پڕ لە بەرپرسایەتی دامەزراندبوو، بۆخۆشی لە عەیش‌و نۆش‌و بلەوەزی دا نوقم ببوو، بە تایبەتی ئەو كابرایە لە ڕاو بێزار بوو كە لە لای ئێرانییەكان بەتایبەتی ئەشكانییەكان كارێكی پیرۆز بوو و بۆ پاشاكانیش بە واجب دەزاندراو، بەڕاستی لەبەر ئەو كارانە خەڵك لێی بێزار ببوون، ئەردەوانیش

---

[529] میس "گێرترۆد بێل Miss Gertrude Bell" لە كتێبێك دا بەنێوی پاشەواری ئەشكانیەكان‌و "ئەندرە" لە نووسراوەی "هاترا" كە لە بڵاوكراوە زانستی‌یەكانی ئەنجومەنی رۆژهەڵاتی ئاڵمان داو لە ساڵی 1908و لە ژمارە 9دا چاپ بووە بە درێژی لەم بوارەدا شتی نووسیوە.

[530] فەرهادی چوارەم بە دوای بەستنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ڕۆم، بەڕواڵەت بۆ ئەوەی نیەت پاكیی خۆی سەلماندبێ، بەڵام لە ڕاستی‌دا بۆ ئەوەی لە پیلان پارێزراو بێ، كوڕەكانی برای خۆی ناردە ڕۆم تا لەوێ لەژێر حیمایەتی ئیمپراتووری ڕۆم دابن‌و وئێن كە دایكیشی ڕۆمی بوو لە كێشەو هەڵڵاو بەزمی نێوان براكانی كەڵكی ورگرت‌و لەسەر تەختی پادشایی دانیشت.

بەخوێن دەبوو و لەو کافرانە کەس نەجاتی نەبوو، تەنانەت ژنو منداڵی وردیش ڕزگار نەبوون..."[636-635]

چونکوو مەبەستی ئێمە باس لە بارودۆخی کوردستانەو تەنیا لەم ڕووداوە مێژوویيانە دەدوێین کە پێوەندیان بە کوردستانەوە هەیە، لە درێژەدان بە باسی پێوەندی مەسیحیو موسڵمانەکان لە جەنگەی شەڕەکانی سەلیبی بە گشتی خۆ دەبوێرینو بە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە (بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحو هاتنە گۆڕی شەڕە درێژخایەنەکانی نێوان موسڵمانو مەسیحیەکان) لە کوردستان دەدوێین.

## ئەرمەنستانو دەوری لە (ناتەباییەکانی ئێرانو ڕۆمدا)

لێکدانو دوژمنایەتی ئیسلامو مەسیحیەت بە دوای زیاتر لە یەك سەدە دوژمنکاریو شەڕە سەلیبییەکان کەهەموو دنیای مەسیحیەتو ئیسلامی داگرتبوو، کوردستانو ئەمیرەکانیشی لەو کێشەو هەراو شەڕو شوورە دا گرتبۆوە. لەم دەڤەرەشدا کە لەهەموو شوێنێکی کوردستان نیزیکتر بوو لەو شوێنەی مەسیحییەکان لێی دادەنیشتن، بەهۆی گرینگی‌یەکی تایبەت کە بۆ ئێرانو ڕۆمی هەبوو و سەرنجی ڕاکێشابوون، ئەرمەنستانو خەڵکە تازە ئیمان هێناوەکەی بە مەسیحیەت بوو. ئەو پارچە لە گۆی زەوی (ئەرمەنستان)و کوردستان هەر لە سەرەتاوە بەهۆی تایبەتمەندیو هەڵکەوتەیی خۆ لەبواری پێوەندیو ڕێگاکانی بازرگانی هەموو کات سەرنج ڕاکێش بووە. لە سەردەمی دامەزرانی ئیمپراتووری ڕۆمو بە تایبەتی دوای ئەوەی کە دینی مەسیح لە ڕۆم دابوو بە دینی ڕەسمی کە سی‌ساڵ بەر لەو ڕووداوەش لە ئەرمەنستان ببوو بە دینی ڕەسمی، بە بیانووی پارێزگاری لە مەسیحیەت ببوو بەهۆی هەرە گرینگی ناتەبایی نێوان دوو ئیمپراتووری ئێرانو ڕۆمو هەرکام لەو دووانە بۆ زیاتر چوونە نێوو شوێن دانان لەوێداو دەسەڵات پەیدا کردن بەسەر ڕێگا بازرگانیەکانی ئەوێ هەرچی بۆیان بکرایە دەیانکرد[637]و، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە بانووی

---

[635] مێژووی شەڕی سەلیبی نووسینی ویل ئاردوئێن "wileh Ardouin".

[636] مێژووی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، مرتضی راوندی ل 324 بەدوا.

[637] شارەکانی ئێران لە ڕۆژگاری پارتییەکانو ساسانییەکان نووسینی پیکولوسکایا، وەرگێڕدراوی عنایت الله رضا ل 231.

